# ماناى زینا و حوکمى باوەش پێداکردنى ئافرەتى بێگانە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# تعريف الزنا وحكم معانقة المرأة الأجنبية

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# مانای زینا و حوکمی باوەش پێداکردنی ئافرەتی بێگانە

**پرسیار :** سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت و خوای گەورە پشت و پەناتان بێت بۆ زیاتر سەرکەوتن و بەرەوە پێش چون و هەموو ئەرک و ماندوبونەکانتان بۆ بکات بە زەخیرەی ڕۆژی دوای ان شاء الله ....

برایانی بەڕێز : من گەنجێکم سوپاس بۆ خوا لە فەرزەکاندا و ئەوسونەتانەی کە زانیومە باشم خوا هاوکار و پشتیوانم بێ باشتر دەبم خۆشم لە هەوڵی باشتر بوندا دەبم .. بەڵام ئەوەی منی کردۆتە گومانەوە ئەمەوێت بزانم مانا وشەی زینا کە لەقورئاندا هاتوە چیە .. ئایا هەموو بەرکەوتنێک زینایە ... ئەی ئایا باوەشکردن بە ئافرەتدا بە جلەوە زینایە ؟ وە حوکمەکەی چیە ؟ من بەهۆی کەسانێک کە لە چواردەورمدان و لە ڕاستیدا ژمارەیان لە سێ ئافرەت زیاترە ..کە هەریەکەیان بە دزی ئەوی تریانەوە بە جۆریك لە جۆرەکان لێم نزیک دەبنەوە منیش لە ئاستیاندا لاوازم .

جا دەست بازی و ماچ و هەندێکی کەم لە جارەکان باوەشی تێدەکەوێت بە جلەوە ...خوای گەورە پشتیوانم بێت و لەم بەڵاو ناخۆشیە دەرونیە ڕزگارم بکات ..ئێستا خۆم لێ دورخستونەتەوە بەڵام بەهۆی کار و دەوامەوە دیسان ئەچمەوە

لایان ئایا حوكمی من چیه و چی بكەم باشە ..وە ئایا ئەوەی من وتم بە زینا لەسەرم حسابە ؟

خوای گەورە پاداشتتان بداتەوە

**وەڵام :** الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله ومن والاه .

زینا لە ئیسلامدا بریتیە لە داخڵ بوونی (چۆك = زەكەری) پیاوێكی بێگانە لەناو (زێی = فەرجی) ئافرەتێكی بێگانەدا، مەبەستیشمان لە بێگانە واتە ژنی شەرعی خۆت نەبێت .

ئەمجا ئەو كارەی تۆیش خەریكیتی بێگومان كارێكی خراپ و حەرامە و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ناپەسەند و نامەشروعی دەزانێت، چونكە ماچكردن و باوەش پێداكردنی ئافرەتێك كە ژنی خۆت نەبێت وخوای گەورە بۆی حەڵاڵ نەكردبیت كارێكی حەرامە وخوای گەورە لە وەصفی باوەڕدارانی ڕاستگۆدا فەرموویەتی : ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ﴿٢٩﴾ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ﴿٣٠﴾ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ﴾ [المعارج : ٣٠ -٣١ ] پاش ئەوەی خوای گەورە كۆمەڵێك صیفەتی جوان و پەسەندی باوەڕداران باس دەكات، ئەمجا

لەکۆتاییەوە دەفەرموێت : ئەو باوەڕدارانە یەکێکی تر لەصیفەتە جوانەکانیان ئەوەیە دامێنی خۆیان دەپارێزن * لەو ئافرەتانە نەبێت کە ژن وهاوسەری خۆیانن، یان کەنیزەك وموڵکی خۆیانن، چونکە بۆ ئەمانە لۆمە ناکرێن * بەڵام ئەوەی لەغەیری ئەمانە داوێنی خۆی نەپارێزێت ودەستدرێژی بکات ئەوە بەڕاستی وبێگومان کەسێکێ دست دەرێژکەر وسنوور شکێنە .

بۆیە ڕابواردن و دەستکەوتن لەئافرەتانی ناموحەرەم بەدەقی ئایەت وفەرموودە کارێکی حەرامە، وزیناش بەمانی زینا هەر ئەوەندە نییە پیاو (چۆك) زەکەری بخاتە نیو زێی ئافرەتەوە، چونکە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموودەیەکی لەپێغەمبەری خوداوە (صلی الله علیه وسلم) گێراوەتەوە کە فەرموویەتی : «إن الله كتب على ابن آدم حظه من الزنا ، أدرك ذلك لا محالة ، فزنا العين النظر ، وزنا اللسان المنطق ، والنفس تمنَّى وتشتهي ، والفرْج يصدق ذلك كله ويكذبه» [رواه البخاري ( ٥٨٨٩ ) ومسلم ( ٢٦٥) ]

واتە : خوای گەورە شتێك لە زینای لەسەر نەوەکانی بەنی ئادەمی نوسیوە، کە تووشیان دەبێت وچاریش نییە، زینای چاو نەزەرکردنە، زینای زمانیش ووتەی خراپ ووتنە، دەرونی مرۆڤیش حەزی پێ دەکات، (چۆك وزێی) ش ڕاستی وناڕاستی ئەمە دەسەلمێنن .

خوای گەورەش بۆ ئەوەی ڕێگا بە کەوتنە ناو زینای هەقیقی بگرێت فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا﴾ [الإسراء :٣٢] واتە : ئەی باوەڕداران نزیکی زینا مەکەونەوە، چونکە بەراستی زیناکردن کارێکی زۆر خراپ وڕێگایەکی زۆر ناشیرین وناپەسەندە .

زانایانیش هەموو پێشەکیەکانی زینایان لە قسەکردن وڕوانینی حەرام ودەست بەرکەوتن وماچکردنیان بە نزیك کەوتنەوە لە زینا وەصف کردووە، بۆیە نابێت مرۆڤی باوەڕدار بەشتێکی ئاساییان بزانێت وگوێیان پێ نەدات، چونکە لەسەرەتاوە هەر ئەم کارانە وادەکەن لەمرۆڤ کە بەرەوە زینای هەقیقی بەرن کە یەکێکە لەگوناهو تاوانە گەورەکان، چونکە وەك ووتمان ئەمانە پێشەکی گوناهە گەورەکەن، ئەگەر مرۆڤ خۆی دوورخستەوە لێیان خوای گەورەیش دەیپارێزێت، وە ئەگەر خۆی دوور نەخستەوە و دووبارە و چەند بارەی کردنەوە بێگومان شەیتانیش هەمیشە لەکەمیندایە بۆ باوەرداران، بۆ ئەوەی تووشی گوناهیان بکات، وەك لەقورئاندا خوای گەورە بۆمان باس دەکات، وەك فەرموویەتی : ﴿قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴾ [ص :٨٢ – ٨٣] واتە : شەیتان سوێندی خوارد ووتی : ئەی پەروەردگار سوێندبێت بەعیززەت وگەورەی تۆ دەبێت هەموو نەوەکانی ئادەم گومڕا وسەرلێشێواو بکەم * ئەوانەیان نەبێت کە بەندەی ڕاست ودروستی تۆن *

خوای گەورەش پێش ئەوەی فەرمان بەپارێزگاریکردنی داوێنی باوەڕداران بکات، فەرمانی پێکردوون کە چاویان لەئاست ئافرەتانی ناموحرەم دابخەن، وەك فەرموویەتی : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾[النور : ٣٠ – ٣١] واتە : ئەی موحەممەد بڵێ بەباوەڕداران چاویان لەئاست ئافرەتانی ناموحرەم بپارێزن وە بارێزگاری لەداوێنیان بکەن، چونکە ئەمە پاکترە وباشترە بۆیان، بێگومان خوای گەورەش زۆر ئاگادارە بەوەی کە ئەنجامی دەدەن * وەبڵێ بە ئافرەتانی باوەڕداریش کە چاوی خۆیان لەئاست پیاوانی ناموحرەمدا دابخەن وداوینی خۆشیان بپارێزن ...

جا جوان سەرنج بدە بەچ شێوەیەك خوای گەورە پاراستنی چاوی پەیوەست کردووە بەپارێزگاری کردنی داوێنەوە، چونکە گومانی تێدا نییە هەر روانینی حەرامە مرۆڤ پەلکێش دەکات بۆ زیناکردن (خوا پەنامان بدات) .

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر کەسی باوەڕدار لەپەنهانی و ئاشکرادا لەخوای گەورە بترسێت و دوور بکەوێتەوە لەقسەکردن لەگەڵ ئافرەتی بێگانە وپێکەنین بەدەمیانەوە یان تەوقەکردن و ماچکردن وباوەش پیداکردنیان، کە هەموو کاری حەرام و رێگا

خۆشکەرن بۆ کەوتنە ناو زیناوە کە یەکێکە لەگوناهە گەورەکان .

بۆیە نابێت مرۆڤ بەوە خۆی هەڵبەخەڵەتینێت کە تەنها بە قەسەکردن یان تەوقە لەگەڵ کردنیان یان بەماچکردن و گوشین بەخۆیانەوە واز دەهێنیت و ناهیلێت بکەوێتە ناو زیناوە، ڕاستە ماچکردن لە حوکمی ئیسلامدا حەدی شەرعی لەسەر نییە، بەڵام وەك ووتمان شەیتان نەخەوتووە ولەفرسەت دەگەڕێت بۆ ئەوەی بەندەکانی خوا بخاتە ناو گوناهو تاوانەوە، بۆیە ەسەرەتا و هەنگاوی یەکەم بە گوناهێکی بچووك لەگەڵ مرۆڤدا دەست پێدەکات تاوەکو ووردە ووردە کەمەندکێشی دەکات بۆ گەورەتر ومەزنتر .

ئەو کارانەی کە تۆ باست کردن هەر هەموویان مرۆڤ پەلکێش دەکەن بۆ گوناهی گەورە، ڕاستە لە ئیسلامدا ماچکردنی ئافرەتی بێگانە حەدی شەرعی لەسەر نییە وەك زینا کردن، چونکە زیناکردن ئەگەر بکەرەکانیان کوڕ وکچ بن ئەوە دەبێت یەکی صەد داری حەدیان لێ بدرێت، خۆ ئەگەر ژنیان هێنا بێت و شوویان کردبێت ئەوە حوکمەکەی زۆر قورسترە کە بریتیە لە ڕەجم کردن هەتا مردن .

گومانی تێدا نییە بەردەوام بوون لەسەر گوناهیش ئەگەرچی بچوکیش بێت لەکۆتاییەوە وەك گوناهی گەورەیان

لێ دێت، ئەگەر بەرەو خراپتریشی نەبەن، لەکۆنەوە ووتویشیانە ئاوی دەریاکان لەچەندان دڵۆپە ئاوی وورد پێك هاتوون .

چاری جەنابت بەوە نابێت تۆ دڵی خۆت بەوە خۆش بکەیت کە سوپاس بۆ خوا نوێژەکانت بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەیت وسوننەتەکانیش ئەکەیت، چونکە هەموو ئەمانە فڕوفێڵی شەیتانن دەیەوێت تۆ بەوە فریو بدات کە مەغرورت بکات بەنوێژەکانت تاوەکو دواتر بەتەواوی ئەتخاتە ناو گوناهە هەر گەورەکەوە کە زینایە (خوا پەنامان بدات) .

بەڵکو چاری تۆ ئەوەیە مادام ئالودەی ئەو کارە خراپە بوویت و وەك خۆتیش ئەڵێیت ناتوانیت وازیان لێ بهێنیت چارت هەر ئەوەیە : سەرەتا تەوبەیەکی ڕاست و دروست ونەصوح بکەیت و نوێژەکانت بەکۆمەڵ ئەنجام بدەیت وڕۆژووە فەرزەکانت بگریت وهاوڕێیەتی کەسانی خواناس بکەیت، کە هاندەرت دەبن لەدوور کەوتنەوە لەگوناهو تاوان، کە هەمو ئەمانە دەبن بەمایەی سڕینەوەی تاوان و گوناهەکانت (إن شاءالله)، هەروەها واز لەو کارو پیشەیەت بهێنیت و بەدوای کارێکی حەڵاڵ تر ودروست تردا بگەڕێیت، چونکە مادام تۆیەك تازە فێری ئەوە بوویت لەگەڵ هەرسێك لەو ئافرەتانەدا ڕابوێریت و ماچیان بکەیت و باوەشیان پێدا بکەیت وخۆتیانی پێ ڕەحەت بکەیت، مەحاڵە بەوازهێنانت نەبێت لەو

کارو‌پیشەیە بتوانیت دوور بکەویتەوە لێیان، چونکە تازە وەك خۆت ئەڵێیت : لەگەڵ هەر هەموویاندا ڕاهاتوویت وهەریەکێکیان بەدزی ئەوی تریانەوە دێت بۆلات، بۆیە خۆ تۆ پێغەمبەر یوسف نیت (سەلامی خوای لێ بێت) خۆت بگرێت، تەنانەت یوسفیش (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێکی زانی چاری نییە هەڵهات وڕای کرد لەدەستی ژنەکەی عەزیزی میصر، بۆیە تۆیش مادام چارت نییە دەبێت هەڵبێیت وئەو جێگایە بەجێ بهێڵێت .

ئەم کارەی تۆیش لەئیسلامدا ڕاستە وەك ووتمان حەدی شەرعی صەد داری لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر حاکمی ئیسلام هەبێت و بەو کارەت بزانیت کە چەندان جار دووپاتت کردۆتەوە ئەوا ئەوکاتە چی سزاییەك بەگونجاو بزانێت بۆ تۆ دایدەنێت تاوەکو خراپە وخراپەکاری وداوێن پیسی هەموو کۆمەڵگە نەگرێتەوە بەبیانووی کار و وەزیفەوە.

خوای گەورەش زاناترە .